

# فوئاد عارف

**● لەم بەشەدا بەڕێز فوئاد عارف بەردەوام دەبێت لەسەر گێڕانەوەی چەند لاپەڕەیەکی تر لە مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەو وەك سیاسەتمەدارێکی ڕاستگۆ ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە دەگێڕێتەوە. لەم بەشەدا بەڕێزی لەسەر ڕووداوەکانی دوای سالانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەدوێت. گرنگترین ئەو وێستگە سیاسیانە باس دەکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کێشەی کوردەوە هەیە لەو قۆناغەدا .**

**(فوئاد عارف) یەکێکە لەو کەسایەتییە سیاسیانەی کورد کە تا ناوەڕاستی سالانی (70)کانی سەدەی رابردوو رۆلێکی بەرچاوی هەبووە لە حکومەتی عێراقدا و یەکێك بووە لەوانەی کە پەیوەندی دیپلۆماسی کورد و عێراق و کورد و عەرەبی ڕێکخستووە. دوا پۆستی لە حکومەتی عێراقیدا جێگری سەرۆکی حکومەتی عارفی دووەم بووە.**

**مێژووی ژیانی سیاسی و سەربازی ئەو لە سالانی سییەکانی سەدەی رابردووەوە دەست پێدەکات، بەلام ئێمە لەم دیدارەدا لە سەردەمی حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم)ـەوە لەگەلٚ بەڕێز (فوئاد عارف)دا هاتینە دوان.**

**لڤین: پەیوەندیت لەگەلٚ بەعسیەکاندا چۆن بوو لەدوای ئەوەی دەسەلاتیان گرتە دەست؟**

فوئاد عارف:من کەلە حکومەتەکەی قاسم دەستم کێشایەوە لەگەلٚ بەعسیەکاندا پەیوەندیم پەیدا کرد، ئەوان باوەڕیان بە حکومی زاتی هەبوو لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە هاتن، من و باباعەلی بووین، منیان کرد بە وەزیری ئەوقاف، باباعەلی بوو بە وەزیری کشتوکالٚ سەرەتا من قبولم نەکرد، بۆ سبەینێ باباعەلی و سەرۆك وەزیران هاتن بۆ مالەوە، من ئەمەم لە یاداشتەکانم دا نەنووسیوە، بەلام تەها شەبیب کە وەزیری دەرەوە بوو ئەوەی لە یاداشتەکانیدا نووسیوە، نووسیویەتی کە ئەحمەد حەسەن بەکر لەگەلٚ باباعەلی هاتن، ئەحمەد حەسەن قورئانی خوارد کە ئەم کێشەی کوردە بە ئاشتی چارەسەردەکات بەو جۆرەی کە کوردەکان ڕازی بن، ئینجا ڕازی بووم ببم بە وەزیر، کە شەڕ لەگەلٚ کورد دەستی پێکرد دەستم لەکار کێشایەوە پێموت تۆ قورئان ئەخۆیت و درۆشئەکەیت.ئەمە لە یاداشتی وەزیری دەرەوەدا هەیە من پێم عەیب بوو ئەوانە بنووسمەوە.

**لڤین: سەردانەکەتان لەگەلٚ مام جەلال لە ناوەڕاستی شەستەکاندا بۆ میسر بۆچ مەبەستێک بوو؟ ئاکامی چی بوو؟**

فوئاد عارف: ئێمە کە چووین بۆ میسر ئەوکاتە مام جەلال سەرۆکی وەفدی پارتی بوو هاتبوو بۆ گفتوگۆ لە بەغداد، بردمان لەگەلٚ خۆماندا و چووین بۆ میسر و لەوێ چاومان بە (جەمال عەبدولناسر و بن بلە)کەوت، عەبدولناسر

# پیاوێك لە كۆشكی كۆمارییەوە نهێنی حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق دەگێڕێتەوە

## لە هەموو كودەتایەكدا من بە سەربەرزی گەڕاومەتەوە چونكە پاك بووم

**بەشی دووەم**


دیداری ئەحمەد میرە
هەردی مەهدی
فۆتۆ : هێمن باقر


دەقی هەردوو بەشی ئەم دیدارە بە تۆماركراوی لەلای گۆڤاری (ڤین) پارێزراوە . لێپرسراوێتی گواستنەوەی بۆچونەكانیش لە ئەستۆ دەگرێت .



وتی: ئێمە ناتوانین مافی ئێوە بدەین، چونكە عەرەب لێمان عاجز ئەبن، ئەبێت موافەقەی ئەوان وەربگرین، وتی مادام كورد نایەوێت جیابێتەوە لە عێراقدا پێمان باشە مافیان پێ بدرێت.

هەڵوێستی (عەبدولناسر و بن بلە) زۆر ئیجابی بوو، ئێمە گەڕاینەوە بۆ عێراق ئیتر بە واسیتەی عەلی حەسەن سلێمانەوە پرۆژەیەكمان دەستپێكرد، بەڵام پرۆژەیەكی بێمەعنا بوو چونكە هەندێك مافی سەرەتایی تیایابوو وەك ئەوەی كە بە كوردی بخوێندرێت و هتد... من گاڵتەم پێئەهات. وتیان تۆ هەقت چییە ئێمە ئەچینە لای (مەلا مستەفا) گفتوگۆ ئەكەین، وەفدێكیان برد و من بە كەسێكدا هەواڵم نارد وتم بە مەلا مستەفا بڵێ ئەم ڕێككەوتنەی كەئەمان هێناویانە من ڕازی نیم و موافەقەتم لەسەری نەكردووە حەزیش ناكەم تۆ موافەقەتی لەسەر بكەیت، ئەگەر تۆ موافەقەت بكەیت من نایكەم، ئیتر ئەویش موافەقەتی نەكرد، ئەوەبوو، ئەوانیش گەڕانەوە و شەڕەكەیان نایەوە.

**ڤین: پەیوەندی كورد و عەبدولسەلام عارف و تۆ و عەبدولسەلام عارف چۆن بوو بە تایبەتی لە ماوەی سەرۆكایەتی ئەودا؟**

فوئاد عارف: عەبدولسەلام هەرگیز لەگەڵ كورددا نەبووە، ئەوكاتەی ئەویش بوو بەسەرۆك من لەژێر چاودێریدا بووم، ڕۆژێك عەبدولسەلام ناردی بە شوێنمدا ئەوكاتە ئێمە لە باڵیۆزخانەی فەرەنسی میوان بووین، هەندێك قسەی كرد و وتی (درۆئەكەن)منیش وتم (وانییە و تۆ درۆئەكەیت) ئەویش وتی قەینا قسەی تۆ قبوڵ ئەكەم تۆ برا گەورەی، وتم نا ئەگەر لە تۆ گەورەتر نەبم وات پێنالێم، وتم تۆ سەرۆك كۆماری عەیبە شتی وابكەیت، لە دواتردا من و كۆمەڵێكی نەفی كرد بۆ (عەین تمر) لەوێ ماینەوە هەتاكو عەبدولسەلام لە فڕۆكە كەوتە خوارەوە و مرد ئینجا ئێمە گەڕاینەوە.

**ڤین: جیاوازی سیاسەتی عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف چی بوو؟ بە تایبەت بەرامبەر بە كورد؟**

فوئاد عارف: عەبدولڕەحمان عارف پیاوێكی سادە بوو، پیاوێكی مەعقول بوو، بەڕاستی لەوان مەعقولتر بوو، لەبەرئەوە كە عەبدولڕەحمان هات پۆزشی بۆ من هێنایەوە، چونكە زۆرم بەسەریانەوە هەبوو، هەتا سەرۆكی ئەركان و قائید فیرقەی بە ڕەئی من دادەمەزراند، پاشان منیش هاتم لەگەڵیدا بووم بە جێگری سەرۆك وەزیران، پاشان مانگێ دوو مانگ من دەستم لەكاركێشایەوە لەسەرئەوەی كە ئێمە ((من و باباعەلی و مەلا مستەفا و حیزبی پارتی)) شتێكمان ڕێكخست بوو وەك حوكمی زاتی بوو. بۆكورد باش بوو بەڵام كە سەری نەگرت، ئیتر من دەستم لەكاركێشایەوە.

**ڤین: كۆتایی حوكمی عەبدولڕەحمان عارف چۆن بوو؟ماوەكەی چەند بوو؟**

فوئاد عارف: ماوەیەكی كەمی خایاند ئیتر بەعسییەكان هاتنە سەر حوكم ئەو وەختە من لە لەندەن بووم كاتێك هاتمەوە چووم بۆ لایان و وتم كێشەی كورد بەوجۆرەیە، ئەوانەی كە ئەمناسین لەسەری ئامۆژگاریم كردن.

**ڤین: بۆچوونی تۆ لەسەر ڕێككەوتنی 11ی ئازار چۆنە؟**

فوئاد عارف: ڕێكەوتنی 11ی ئازار من كردم، من ئامۆژگاریم كردن ، وتم مەسەلەكە ئاوایە و حوكمی زاتی باشە، بەڵام بەعسییەكان بەقسەیان نەكردم و شەڕیان نایەوە، بەڵام دوای ماوەیەك (ئەحمەد حەسەن بەكر )هات و وتی بەڕاستی ئێمە ئامادەین مافی كورد بدەین، وەرە پێكەوە دانیشین و قسەی لێكەین هەرسێكمان بە تەنیا(من و ئەحمەد حەسەن بەكر و سەدام



## عەبدولرەحمان عارف بە ڕەئی من (سەرۆکی ئەرکان و قائید فیرقە)ی دادەنا

حسەین) قسەمان لەسەر حوکم زاتی کرد کە (چییە) ئەوان وتیان ئێمە ئامادەین وتم ئێوە چیتان ئەوێت لە کورد وتیان ئێمە ئەمانەوێت کورد پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا نەبێت، پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا هەبێت، وتیان بچۆ بە مەلا مستەفا بڵێ ئێمە ئامادەین ، وتم ناچم، وتی بۆچی، وتم باوەڕتان پێناهێنم، وتی بۆچی؟ وتم بڕوام بە هەموو حکومەتی عێراق نییە، چونکە هەمووی درۆ ئەکات، وتی ئەی چی بکەین باوەڕمان پێئەکەیت؟ وتم لەگەڵما وەرن و بڵێن ئەم ڕێککەوتنەمان کردووە، ناردی بەشوێن(سمیر النجم)دا کە ئەندامی قیادەی قوتری بوو، ناردیان لەگەڵمدا و نوسراوێکم پیشاندا و وتم ئەوە ئەو خاڵانەیە کە لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکردا ڕێککەوتوین لەسەری، کە (حوکمی زاتی و هەموو شتێك بووە) هەموو وتیان باشە ڕازین، سواری سەیارە بووین هاتین بۆ لای مەلا مستەفا، ئەویش (م.س) و لیژنەی مەرکەزی کۆکردەوە، زۆر مەمنون بوو و وتی زۆرباشە و ڕازی بوون لەسەری، ئیتر هەردوولا وەفدیان ڕێکخست بۆ مفاوەزات لەسەر ئەساسی حوکمی زاتی و وتیان ئەبێت تۆش ئامادەبیت لەگەڵ عەلی شەریف کە نوێنەری حیزبی شیوعی بوو.

**لڤین: مامۆستا تۆ لە نێو ئەو هەموو ململانێیەدا چۆن بە سەلامەتی ماویتەتەوە؟**

فوئاد عارف: مەسەلەکە ئەوەیە من لە هەموو کودەتایەکدا بە سەربەرزی گەڕاومەتەوە، پیاوکوژنەبووم، دزنەبووم، پاك بووم، بۆ نمونە من کە ملازم سانی بووم لە ساڵی (1936)دا ، لەسەردەمی مەلیك غازی دا بە ڕەحمەت بێت ئەوکاتە نوری سەعید و ئەوانی دەرکرد و (حیکمەت سلێمان) ی کرد بە سەرۆکی وەزیران، ئەوانەی کە لەگەڵ مندا بوون دەستیان کرد بەبێ ناموسی کردن و تەعەدا لەخەڵك کردن و خەڵك کوشتن بەناوی ئەمە بەعسییە و ئەمە قەومییە و ئیتر ئەنواع و ئەشکاڵ کاری خراپ، من هەقم بەمانەوە نەبوو، هەقم چییە من کوردم، بەقەدەر خۆم خۆم ناسی کە ملازم سانی بووم نەماڵی خەڵکم خوارد و نە دزیم کرد، لە هەمان کاتدا بۆ کورد گەلێ خزمەتم کرد، تەنانەت قوتابییە کوردەکانیش ئەهاتن بۆ لام داخلی زانکۆم ئەکردن، داخلی کۆلێژی سەربازیم ئەکردن، ئیشم ئەکرد بەبێ ئەوەی ئیستیفزازی کەس بکەم و تەعەدا لەکەس بکەم، یانی کە ئەو کودەتایە هات و بەکر سدقی کوژرا ئەوانەی لەگەڵ مندا بوون هەندێکیان زیندانی کران، هەندێکیان لە سێدارە دران، هەندێکیان دەرکران، کەچی من نائب وزەرایان پێدام.

من لە هەموو دەورەکاندا مامەوە، چوار پێنج کودەتا بوو، (وەصیان) گۆڕی هی تر هات هەر لەگەڵیا بووم، ئەو (وەصیەیان) لابرد و (وەصی) تریان دانا من هەر لەگەڵیان بووم، چونکە من لە ژیانی خۆمدا هەرگیز نانی حەرامم نەخواردووە و غەدریشم لە کەس نەکردووە، لەهەمان کاتدا چیم پێکرابێت یارمەتی خەڵکم داوە.

ڕاپۆرتم لەسەر دراوە کە چۆن یارمەتی خەڵکم داوە و خزمەتم کردووە، بەڵام سەیرکە ئەمڕۆ من چەند سەربەرزم و ئەو چەند نزمە، لەبەرئەوەی خوا هەیە، من ئیمانم بە خوا هەیە خوا موجودە، یەکێك خاوەن ئەخلاق و ویژدان بێت هەرگیز ناکەوێت.

**لڤین: تۆ پێتوایە کێشەی کورد لە حکومەتی عێراقدا بە چارەسەر دەگات یان پێویستی بە**



چارەی تر هەیە؟ لەدەرەوەی حکومەتی عێراق؟

فوئاد عارف: ئێستا گۆڕاوە، دیموکراتیەت هەیە، جاران هەر ئینگلیز هەبوو هەموو شتێك بەدەستی خۆی بوو، سەربەخۆیی بەو ئەدا و بەوی نەئەدا. ئێستا ئەم کێشەیە لە ناوخۆدا چارە ئەکرێت، کێشەکە تەنها ئێمە نییە و پەیوەندی بە دەوڵەتانی دراوسێوە هەیە، بۆیە دەڵێم ئەگەر هەموومان واتە(کوردەکان)ی هەر چوارپارچە لەگەڵ تورکیا بوینایە کێشەکەمان چارە ئەکرا، وەك چۆن کێشەی چیکۆسلۆڤاکیا چارە کراو لێك جیابوونەوە، بەڵام ئێمە ئینگلیز کافرانە دابەشی کردووین، کە لەجیهاندا زوڵمی وا لەکەس نەکراوە، مەسەلەن لە (82) یان (83) دا مام جەلال هاتە بەغداد لەگەڵ سەددام حسەین دا کەوتە گفتوگۆ و سەدام بریاری دا کە هەموو مافی کورد بدات و هاتە لای منیش و وتی مەسەلەکە ئاوایە، وتم باشە ئامادەم و ناردی بەشوێن (حوسەین شێرزاد) و (مەسعود محەمەد)دا، چونکە قەناعەتی نەبوو سەددام ئەو مافانە بدات، چونکە تەئکید بووین کە تورکیا و ئێران تەداخولی تێدا دەکەن، فیعلەن تورکیا دەستی تێخست، وەزیری حوکمی زاتی هات و وتی تورکیا ڕازی نابێت کە ئێمە حوکمی زاتی بدەین، چونکە وتویەتی ئەبێت حوکمی زاتی بدەن بە تورکمانەکانیش، وتم بە سەددام بڕۆ بە تورکیا بڵێ باسی کورد مەکە، بڵێ لە تورکیا عەرەب هەیە بڵێن ئێوە حوکمی زاتی بدەن بە عەرەب ئێمەش حوکمی زاتی ئەدەین بە تورکمانەکان، ئیتر نەهاتنەوە بۆ لای من.

**لڤین: لەسەردەمی بەعسییەکاندا هیچ پۆستێکت وەرگرتووە؟لەسەردەمی سەددام و ئەحمەد حەسەن بەکردا؟**

فوئاد عارف: لە سەردەمی سەددامدا زۆر ئیلحاحیان ئەکرد، قبوڵم نەکرد، لەساڵی (1972) دا مەلا مستەفا و ئەوان وتیان ببە بە جێگری سەرۆك کۆمار وتم من بە کەڵکی ئەوە نایەم، وتی بۆ؟ وتم باشە ئەگەر پیاوێکیان زیندانی کرد لای (فلان کەس) و یەکێك هاتە لام و وتی: ئەو پیاوەی کە گیراوە پیاوێکی باشە و کەسوکاری داوای ئازادکردنیان کرد، دەبێت ئەوکاتە من بچم بڵێم بۆچی زیندانیان کردووە؟ ئەوان ئەڵێن ئەم پیاوە خائینە، من ئەڵێم خائن نییە، ئەگەر بڵێم ئازادی بکەن بەگوێم ناکەن ئەگەر من نەتوانم پیاوێکی هەژار ئازاد بکەم و دەسەڵاتم نەبێت کەواتە ئەو پۆستە بە کەڵکی من نایەت، پێویستم بە پارەی ئێوە نییە، پۆستەکەی ئێوە پلەوپایەم ناداتێ، لەبەرئەوە وەرم نەگرت.

**لڤین: پەیوەندیت لەگەڵ سەددام دا چۆنبوو؟**

فوئاد عارف: زۆر باشبوو، لە نزیکەوە ئەیناسم لە (1968) کە هاتەوە تا (1974) بەبەردەوامی ئەهاتە ماڵی ئێمە، ئامۆژگاری منی لەگوێ ئەگرت، منیش وەکو برازایەکی خۆم تەماشام ئەکرد، کەسایەتی زۆر باشبوو حەزی ئەکرد فێربێت، ، بەڵام کە بوو بە سەرۆك کۆمار ئەوەندە ستایشیان کرد تا گۆڕا، من لە (1974)ەوە ئیتر نەمدی هەتاکو (1996) ، (22) ساڵ لە ژێر (مزایقە)دا بووم، ئەمن و موخابەرات زۆر ئازاریان دام.. لە کۆتایی (1996) ناردی بە شوێنمدا وتم (22) ساڵە مزایقەم ئەکەیت و ئەنێریت بە شوێنمدا، وتی ئاخر تۆ وتت تۆ وەکو برازام وایت، بەڵام تۆ وازت لە من هێنا دورکەوتیتەوە لە ئێمە و شوێن ئەوانی تر کەوتیت، وتم ئەوە خزم و کەسی منن، دوای ئەوە پەیوەندیمان پەیدابویەوە، بەڵام من ئەوەندە نەئەرۆیشتم بۆلای.

**لڤین: تا ئێستا تۆ و سەددام قسەی توند چووە بە نێوانتاندا ؟**

فوئاد عارف: بەڵێ ، ئەو وتی من ئامادەم هەموو شت بۆ کورد بکەم، وتم ئەگەر تۆ ئامادەیت حوکمی زاتی بکە بە فیدراڵی ئاخر لە ڕاستیدا حوکمی زاتی ئەو کردی، کەواتە وەك چۆن حوکمی زاتیت دا بیکە بە فیدراڵی، وتی ناتوانم لەبەر دەوڵەتە دراوسێیەکان ، بەڵام گەشەی پێئەدەین، ئەوە سوودی نەبوو بارودۆخەکە بواری نەدا، چونکە ئەمریکا مداخلەی کرد و بارودۆخی تەنگ بوویەوە.

**لڤین: ئایندەی کورد چۆن ئەبینیت لە عێراقدا؟**

فوئاد عارف: بەڕاستی لەسەر ئەو دوو حیزبە وەستاوە، ئەگەر پیاوبن و خزمەتی بێگانە نەکەن و خزمەتی خەڵك بکەن تەنازول بۆ یەکتری بکەن ئەوا بە دڵنیاییەوە باش دەبێت.

**لڤین: پێتوایە ئەمریکا پشتیوانی کورد بێت؟**

فوئاد عارف: تۆ خۆت پیاونەبیت ئەمریکا بە کەڵکت نایەت، بەڵام ئەگەر پیاو بیت هەموو کەست لەگەڵدایە.